## سازدانی ئاهەنگ و پیش برکێ بۆ منالانی شارۆچکەی خورمال بە بۆنەی رۆژی جیهانی منالانەوە




لەدرێژەی کارو چالاکیەکانی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان ، بە بۆنەی 6/1 رۆژی جیهانی منالآنەوە ، سەعات 10:30 بەیانی رۆژی شەممە 2008-06-07 ، بۆرێزگرتن لەم یادە ،ئۆفیسی سلیمانی سەنتەری منالآن ، هەستا بەسازکردنی ئاهەنگ و پێشبڕکێیەکی کۆلارە هەڵدان بۆ منالآنی ناحیەی خورماڵ ودەوروبەری بە هاوکاری ستافی سەنتەر لە خورماڵ وبەسەرپەرشتی عادل کۆچەری نوینەری سەنتەری منالان لە خورمال. وەفدی ئۆفیسی سەنتەر لەسلێمانی کە بەشداری ئەم چالاکی یەبوون پێك هاتبوو لە (کامەران لەتیف بەرپرسی سەنتەر لەسلێمانی و مامۆستا قاسم و ناسح علی و ئازاد حمە ئەمین هەلسوراوانی سەنتەر ) .

لە سەرەتای دەستپێکردنی ئاهەنگ و پێشبڕکێکە مامۆستا کامەران ووتەیەکی کورتی پیش کەش کرد کە تیایدا پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانی منالانی لە منالان و بەشدار بوان کرد، ودەستخۆشی لە تەواوی رێکخەرانی پێشبڕکێکە کردو هیوای خواست کە سەنتەری منالان وڕێکخراوەکانی ترو حکومەت پڕۆژەی زیاتریان هەبێت بۆخزمەت کردنی منالآنی ئەو ناوچەیە .

بەرنامەی پێشبڕکێکەش پێك هاتبوو لە {گۆرانی وسرووود کە لەلایەن چەندین منالّەوە پیش کەش کرا .وە دابەشکردنی شیرینی و گۆڤاری ڕەنگاوڕنگ بەسەر منالّەکاندا}. بە دوای ئەوەدا پێشبڕکێکە کرا لە لایەن منالانەوە بۆ کۆلارە هەلدان ,وە لە هەمان کاتدا چەندین گۆرانی منالانە بۆ منالآن لێدرا کە بووە مایەی دڵخۆشی سەرجەم منالآنی بەشدار بوو، ........) شایەنی باسە ڕادیوی سەرتاسەری جەماوەر ئامادەی چالاکیەکە بوو وە ڕاستەوخۆ چاوپێکەوتنی لە گەڵ مامۆستا کامەران ئەنجام دا سەبارەت بە چالاکیەکە. سەرەنجام دوای زیاتر لە 1 سەعات، بەرنامەی ئاهەنگ و پیش برکیکە لە ناو شوور و شەوق و دلخۆشی و چەپلە ریزان و شادی و پیکەنینی منالاندا ،کۆتایی پیهات .

کامران لەتیف

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان

2008-06-07